پێدەچێ گەرمیان، لەسەر نەخشەی هەرێم تەجاوز بێت!

■ م.جەلال نەجم

گەرمیان ئەو شوێنەیە کە هەنووکە دەنگی شینو گریانی منداڵانودایکانی ئەنفالو شەهیدانی لێدێت، گەرمیان ئەو ناوچەیەیە کە لە سایەی حکومەتی هەرێمەوە، هیچ سیمایەکی شارستانی پێوە دیار نەماوە، زۆرینەی گوندەکانی چۆڵ بووەو خەریکە دوبارە ئەنفال بکرێتەوە. سااڵی پار بەبڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران ئەبوایە گەرمیان بکرایە بە پارێزگاو بوجەیەکی سەربەخۆی هەبوایە، بەداخەوە ئەمەش وەکو هەموو بڕیارەکانی دیکە تەنها چەند رۆژێک کاری کردو ئیتر مەفعولی نەما. بودجەی ئێستای گەرمیان زۆر کەمە، وەک بیستومانە ئەوەی لە هەولێرو سلێمانی دەمێنێتەوە دوای چەند تەکلیفێک، ئنجا دەدرێتە گەرمیان! ئەڵێی خێرمان پێدەکەن. وادیارە هەڤاڵانی کاکە تەنها بادینانو هەولێر بەکوردستان دەزانن و هاوڕێیانی مامەش لەقەڵاچوالانەوە تا سەیتەرەکەی جارانی سلێمانی، بەسنوری خزمەتکردن دەزانن و ناوچەکانی دیکەش بەقەدەری ئیلاهی سپێردراوە. گەرمیانییەکان باش دەزانن، کە بەرپرسانی هەردوولا زۆربەیان گەرمیان شارەزانین، ئەی بۆ نایەن؟ خۆ گەرمیان ئەوەتا نەوتی تیا دۆزراوەتەوە، وەرن ئەم بیرە نەوتانەش وەکو ١٧٪کە، هەموو سەروەتو سامانی ئەم میللەتە بۆ خۆتان بەشکەن. ئێمە رازی بین یان ناڕازی، ئێوە هەر دەیبەن.. بیبەن، بەاڵم هیچ نەبێ تۆزێک ناوچەکە ئاوەدان بکەنەوە، وای لێهاتووە تاکو پرۆژەیەکی سەقەتمان بۆ دەکەن (قیردەبێ بەشیر)، بەچ حەقێ رەوایە بۆ (٤٠٠)هەزار مرۆڤ، نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن نەبێت؟ بەپیشی کێ ڕەوایە لەهەموو گەرمیاندا باخێکی گشتی قەشەنگ، بەمانای باخچە نەبێت؟ بۆچی زۆربەی ناوچەکانی گەرمیان لەم سەردەمەدا تاپۆو ئاوەڕۆی نییە؟ لەوە ئەچێ دەڤەرەکە بەگشتی لەسەر نەخشەی هەرێم تەجاوز بێت! سەرەڕای بوونی زێی سیروان لە ناوچەکە، بەاڵم سەیرانگایەکی جوانو دڵرفێنی تیانییە، چونکە سەر سیروان هەمووی کارگەی چەوو لمی برادەرانە. باسکردنی سەیرانگا بڤەیە، ئەبێ خوایە چ تاوانێکمان کردبێ وا لەگەرمیاندا لەدایک بوینو حکومەتی هەرێم وامان لێدەکات؟ خۆ لەکاتی شەڕو هەڵبژاردنەکاندا گەرمیانییەکان بەبازو هەڵۆ ناودەبەن، بەاڵم بۆ خزمەتکردن ئەوەتا حسابی چۆڵەکەشمان بۆ ناکرێت. گەرمیان لای حکومەتە ساواکەی خۆمان، ئاپمی نییە، سەنەوی نییە، تاپۆی نییە، ژمارەی کاتییە.. بۆ؟ چونکە ئێمەی گەرمیانی ئێستاش بەتەواوی نازانین بۆ خزمەتکردن سەر بەچ لایەکین؟ ئەگەر سەر بەکەرکوکین ئەوە خراپە، چونکە کەلارو کفریو ناوچەکانی دیکە دەبێت لەگەڵ برادەرانی تورکمانو عەرەبەکاندا بکەینە ٣٢٪، ئەگەر خوانەخواستە سەر بەدیالەین ئەوە خراپترە، چونکە (استغفرالله) دەکرێین بە بەعسیو تیرۆریست، ئەگەر سەر بە هەرێمەکەی خۆمانین، ئەوا بەپاستی باوکایەتی ئاوا نابێت!

ڕێکخراوی کۆمەک: باشترین پەیوەندیمان لەگەڵ وەزارەتی وەرزشو لاوان هەیە

■ ئا: ئاوێنە

ڕێکخراوی کۆمەک کە بنکەی سەرەکییان لەسویدە، بەمدواییە بەهۆی دوو نوسینی نوێنەری ئاوێنەوە لەنەرویج (شوان حەمە)، ناڕەزاییان دەربڕیو داوای ئەوەیان کرد چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ساز بکەینو چەند پرسیارێکیان ئاراستە بکەین بەمەبەستی ڕونکردنەوەی ڕاستییەکان (وەک خۆیان دەیانوت). ئەمەی خوارەوە دەقی پرسیارەکانی ئاوێنەو وەاڵمەکانی کۆمەکە.

ئاوێنە: سەرەتا با لەوەوە دەستپێبکەین کە مەبەست لەدامەزراندنی ڕێکخراوی کۆمەک بوو؟

کۆمەک: وەاڵمەکەی لە سایتی «کۆمەک» دا هەیە.

http://www.komak.nu

ئاوێنە: تا چەند لەو ئامانجەتاندا سەرکەوتوو بون؟

کۆمەک: گەشەی کاری «کۆمەک» بۆ کەسێکی ئاگادار وەاڵمێکی ڕوونە. سەیر لەوەدایە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی «کۆمەک» دەکرێ، دەبا کەسانو لایەنی دیکە، بۆ نموونە میدیای کوردستان، ئەو لایەنە وردبکاتەوە. خۆ ناکرێت ئێمە خۆمان بڵێین باشمان کردووەو سەرکەوتوو بووین. «ئاوێنە» دەتوانێت لەو باسە بکۆڵێتەوەو دیدی خۆی بۆ میللەت ڕوون بکاتەوە- مەگەر ئەوە نییە ئەرکی «ئاوێنە»و میدیای گۆیا ئەهلی، ئازادو بێالیەنە.

ئاوێنە: باشە ئێوە چ پەیوەندییەکتان بەوەزارەتی وەرزشو لاوانەوە هەیە؟

کۆمەک: ئەمە پرسیاری ڕۆژنامەیە یان دەزگەی جاسوسی؟ دەبا «ئاوێنە» - هەر نەبێ بۆ چاوەزار — سیمایەکی جوانتر پێشان بدا. خۆ لایەنی بیانی خەرجییەکی زۆری تێدا کردووە. «کۆمەک» باشترین پەیوەندی هەیە لەگەڵ وەزارەتی وەرزشو لاوانی حکومەتی کوردستانو لەوەش زیاتر شانازی بە هەموو پەیوەندییەکی ووها گەش دەکات کە ڕووی لە سەرخستنی سیستەمی فێرکاریی کوردستان بێت. جگە لە وەزارەتی وەرزشو لاوان پەیوەندی زۆر باشمان هەیە لەگەڵ چەندین بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کوردستاندا.

پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ خزمەتی فێرخوازانو مامۆستایانی کوردستان هونەرێکی هەرە گرنگی سازمانی کۆمەکە. بۆ وردەکاریی ئەم باسەش سەردانی سایتی «کۆمەک» بکەن.

ئاوێنە: بۆچی بەرپرسانی کۆمەک لەسویدو نەرویج ئەندامانی لیژنەی خەاڵتکردنو ڕێکخەری ئاهەنگەکانی ئەوروپای وەزارەتەکەن؟

کۆمەک: لەوە دەچێت هاوکاریی نێوان وەزارەتی وەرزشو لاوانو ڕێکخراوی «کۆمەک» لای «ئاوێنە» گرێیەکی ئاڵۆز بێت- دەبا ڕۆژنامەیەکی ووها خەریکی کێشەی دیکە بێ. هەر بۆ وروژاندنی هەناوی نەیاران دەڵێین، ئەو هاوکارییە بۆ پتەوکردنی ڕایەڵەکانی تۆڕی پەیوەندیی کوردستانە، بە تایبەتی لە نێو کوردستانییەکانی هەندەراندا بۆ سوودی کوردستان.

ئاوێنە: بۆچی ئەوان میوانەکان بەناوو بەژمارە دەستنیشان دەکەن؟

کۆمەک: کێ بیکات باشە؟

ئاوێنە: بۆچی ئەوان یاوەری وەزیرنو جاروباریش وەزیر لەئیحراجی دووردەخەنەوەو لەجێی وەزیر داوای لێبوردن دەکەن، وەک ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا کردیان کاتێک نوێنەری ئاوێنە لەئەورووپاو نەرویج چاوەڕوانی وەزیر بوو، ئەندامێکی بەڕێوەبەری کۆمەک، کە نە کارمەندی وەزارەتە نە سەفارەت، تەلەفونی بۆ کردو پێیوت «بەداخەوە وەزیر ماندووە ناتوانێت چاوپێکەوتن بکات»؟

کۆمەک: ئافەرین «ئاوێنە» بۆ خۆتو پرسیارت!

ئاوێنە: لەسەر چ ئەساسێک یەکێک لەدامەزرێنەرانی کۆمەکو سەرۆکی پێشووی کۆمەک، بووە بەبەڕێوەبەری پلاندانانی ئێستای وەزارەتی وەرزشو لاوان؟

کۆمەک: وەزارەتی وەرزشو لاوان بەڕێوەبەری پلاندانانی نییە. گەر نیاز پاک با، دەبا جێی شانازیو دەستخۆشی بێت حکومەتی کوردستان دەرفەت بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆش بکات بەشداری پرۆسەی گەشەندو تەژەندی کوردستان بن. ئەو هەنگاوە لەم پرسیارەدا جێی بەدگومانییە، بەداخەوە.

ئاوێنە: ئەوەی کۆمەک بناسێت دەزانێت سەرەتا بەپشتیوانیو هاوکاری ئەندامانو لایەنگرانی یەکێتی دروستبوو. بەاڵم وەک یەکێک لەو ئەندامانە دەڵێت «ماوەیەکە کۆمەک خۆی خستووتە باوەشی پارتییەوە» ئەمە بۆ؟

کۆمەک: دەستەواژەی «خۆی خستووتە باوەشی...» دوو ئاماژەی تێدایە جێی سەرنجن. یەکەم نزمیی ئاستی زمانو فەرهەنگی ئەم ڕۆژنامەیە - «خۆی خستووتە باوەشی ...» دەپڕینێکە ڕەهەندی وەهای هەیە دەبا نەوەی کەسانی «ئازادیخوا»و مرۆڤدۆست خۆیانی لێ بپارێزن. دووەم خاڵ ترسناکترە. ئەم پرسیارە دەریدەخات بێالیەنیو ئەهلیبوونی «ئاوێنە» چەند دروستە.

ئاوێنە: کۆمەک لە ٢٠٠٤دا بڕیاریداوە کۆتایی بەیارمەتی مادی ڕاستەوخۆ بێنن. کەچی سایتی ڕێکخراوەکە لەژێر ناوی «هاوکاری تۆ گرنگە» داوای یارمەتی لەخەڵک دەکات (زارۆکانی کوردستان پێویستیان بەهیممەتی هەموومان/ «کۆمەک» بەهاوکاریی تۆ دەتوانێت هەنگاوی باشتریش بنێت) ئەمە بۆ؟

کۆمەک: سەرەتایەکی زۆر سادەی کاری ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە پشت بەمیللەت ببەستێت، دیارە ئاوێنە لەم بوارەدا بۆچوونێکی دیکەی هەیە. پیرۆز بێت!

ئاوێنە: ئایا کۆمەک ئەتوانێت تێچوونی سەفەری بەرپرسەکانی بڵاوبکاتەوە کە لەهەر وەرزێکی ساڵدا سەفەرێکی کوردستان دەکەن؟

کۆمەک: ئەرێ، دەتوانێت. سەرلەبەری سەفەری بەرپرسانی کۆمەک لەسەر خەرجیی ئەو کەسانە خۆیان بووە. یەک دۆاڵری لەبودجەی کۆمەک نەدراوە. هەر بۆ نموونە کاک کاروان عارف هەتا ئێستا ١٧ هەڤدە جار لەتۆرویژەوە بەئەرکو مەسرەفی خۆی، بۆ کاروباری کۆمەک، سەردانی کوردستانی کردووە. بڕۆ بگەڕێ گەر نموونەی گەشتر دۆزییەوە ئێمە قەرزارت دەبین.

ئاوێنە: ئایا کۆمەک ئەتوانێت حسابی یەک یەکی ئەو کەسانە بڵاوبکاتەوە کە پارەیان بۆ منداڵی کوردستان ناردووەتەوە. چەندیان ناردووەو چەندی گەیشتوە، چونکە ئەو کەسە خۆبەخشانە دەڵێن زۆرمان ناردووەتەوەو کەمی گەیشتوە؟

کۆمەک: ئێمە ڕێکخراوێکین لە سوێد خاوەن کۆنتۆی نەوەدین — واتە حسابێکی بانکیی دیاریکراو کە دەکەوێتە ژێر چاودێری دەزگای کۆنترۆڵی تایبەتەوە. ئەم جۆرە کۆنتۆ (حیسابی بانک)یە گەرچی ئەرکی زۆرە، بەاڵم بۆ دەستەبەرکردنی متمانەی ئەندامانو کەسانی پشتیوان گرنگە.

ئەم زانیارییە لە سایتی کۆمەکدا ڕوون کراوەتەوە.

ئەندامانو پشتیوانانی کۆمەک کەسانێکن لە هەموو ئەوروپادا دیارو ناشکران. سیماو کەسایەتی هەرە بەرچاوی ڕەوەندی هەندەرانن. ئەوان «کۆمەک» بە زادەی هزری خۆیان دەزانن، کاری لەگەڵ دەکەنو هاوکاریی دەکەن، بڕوایان بە ئەندامانی «کۆمەک»ی کوردستان هەیە. کەسایەتییەکی وەک سەید خالیدی ڕانیە - کە وەاڵمی ئاوێنەی دابۆوەو بە داخەوە ئێوە بە زمانێکی ناساز لێی هاتنەگۆ — جگە لە «کۆمەک» خزمەتێکی بەرچاوی هەم «هاوڵاتی»و هەم «ئاوێنە»ی کردووەو دەبا هەر نەبێت لەبەر خۆتان ڕێز لە ماندووبوونی بگرن. مەخابن وەها دەرنەچوو.

بەزمەکەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان



هاواری بەشمەینەتان

عەلی مەحمود

دوو هەفتە جارێک دەینوسێت

- هەفتەکانی پێشوو، کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، لە داهێنانێکی سیاسیـ هونەری زۆر کۆنی خۆیدا، ئەنفالچییەکی کرد بەشەهیدی قارەمان. ئەوەندەش بوێربوون کە لە قافداگیران، پێیان نەنگیی بوو داوای لێبوردن بکەن. ئەگەر زیرەک بونایە وەکی جاری جاران، ئەو کارەیان بە لقی شارەکانی دی دەسپارد، وەلێ لە شارێکدا ئەو بەزمەیان نایەوە، کاکی جاش کون بەکونی تاوانی تێدا ئەنجام دابوو، ئەگەر ئەو کەناڵەش ڕووقایمانە داوای لێبوردنی نەکرد، ئەوا دەبوایە ڕیفۆرمخوازەکانی هەولێری هەمان حیزب، ڕازی نەبونایە.

- دادە حەبیبە لە ڕانیە جەڵدە لێیدا، وەلێ لە شارەکەی دەروازەی ڕاپەڕین، کە دەرزی هەڵدەیت لەبەر خەڵک ناکەوێتە سەر زەوی، مودیرێک دەست نەکەوت، واژۆی دەرچوونی تاقە ئامبولانسەکە بکاتو بیگەیەنێتە هەولێر. مەخابن بەوهۆیەوە سەری نایەوە، کەچی لەسویدەوە فرۆکەی ئامبولانس «ئیسعاف» چوو بەدوایا.. فاتیح ڕەسوڵ هەموو ژیانی بە سیاسەتەوە بردەسەر، یەک زەرە دادی نەدا، کەچی فرۆکەی ئامبولانسی سویدی چوو بە دوایا، ڕاستیان وتووە حکومەتی گەل لۆ گەلە.

- ڕێکخراوی ئەنجومەنی کەرکووکو ناوچە کێشە لەسەرەکان ڕاگەیەنرا، ڕێکخراوەکە تاکو بڵێیت سەربەخۆیە، وەلێ بەسرودی مەشخەاڵنی حیزب دەستی بە کارەکانی کرد، دەبێت بەچی کۆتایی پێ بێنێت، ئاخیری خێربێت.

- ٩٤٪ی خەڵکی کوردستان، خوازیارن بودجەی هەرێمی کوردستان شەفاف بێت، ١٠٠٪یش دەیانەوێت کۆنتراکتەکان کراوەبێتو ژمارەی سەفتە دۆاڵری بەرپرسانیش زانراو بێت، وەلێ کێ گوێ لەم ڕێژانە دەگرێت؟ مەگەر نازانن بەرپرسان ئاشقی شتە داخراوەکانن، لە کۆبونەوەو لیستو بودجەو.. تەنانەت گەرەکەکانیشیان هەمووی سەرێکی داخراوە، ئەوەی پێیدا بڕوات لەو سەرەوە لە قافدا گیراوە.

- پارتی ناهێڵێت ئاسیاسێڵ بچێتە سەری ڕەش، ئاخر تاپۆی ڕەشە، کەی مالکی وەریگرتەوە، ئەوسا نەک ئاسیاسێڵ، هیندستان سێڵیش خۆی پێدا دەکات.

- کۆسرەت ڕەسوڵ ئێژێت «قەبوڵمان نییە پەرلەمانتارەکان لەناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ڕەخنەبگرن»، قوڕی دنیا بەسەرمان، هەفتەی پێشوو ئەم ڕیفۆرمخواز بوو، کەچی ئەورۆ قبوڵی نییە پەرلەمانتار ڕەخنەبگرێت خوایە هەموو ڕۆژێک لەسەر کورپەکەی وەاڵمی بدەنەوە.

- د.ڕۆژ خانووەکەی بە (٦٠)هەزار دۆلار بەکرێ دەداتە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا، لەبەرئەوەی خانووەکەی لەگەڕەکی نانەکەلییە، هەرچەندە بە (٨٣٠) دەفتەر کڕیویەتی، وەلێ چاوەڕوان بن کرێکەی بۆ کاری خێرخوازییە! مال ئەلشەعب للشەعب.. قوڕ بەسەرمان لەم وڵاتەدا نە بورجوازی نیشتمانیمان هەیە، نە خێرخوازیش، ئەوەی هەس ناوێرم ناوی بێنم، دانیشن توشی بەزمێکمان مەکەن.

- عوسمان بانی مارانی دەڵێت: لەسەرۆکایەتی هەرێم دۆسیەی فایلدارەکان دواکەوتووە، بەڕێزم کەی جاش نەکرا بەشەهیدو تاوانبار وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرنەچوو، ئەوکات دۆسیەی فایلدارانیش بەزویی دەکرێنەوە. ڕاستە وتویانە دەرزی لەچاوی خەڵک دەبینێت، شوژن لە چاوی خۆشی فت.

- حکوومەتی عێراق کۆریای باشووری ئاگادار کردەوە، کە تاڵەبانیو شاندە یاوەرەکەی توانای مۆرکردنی هیچ گرێبەستێکیان نییە، ئەی باشە ئەم هەموو شایی‌و لۆغانەمان لۆچی کرد، کە سەرۆک کۆمار ئیمزاشی پێنەکرێت؟ خۆ لە کوردستان پارێزگار بوایا تاوانای هەموو گرێبەستێکی دەبوو.

- سەرۆک تاڵەبانی لە ئێران وتی «گەلی کورد بەوەفایە دۆستەکانی لەیاد ناکات» وەاڵ وایا، ژوری ئیعدامخانەکانی شایەدی ئەو دۆستایەتیەن.

- قوباد تاڵەبانی ئێژێت «ئامەریکا ناتوانێت ئێراق بەجێ بهێڵێت کە کێشەی تێدا ماوە»، پشت بەم بۆچوونە بەستن ئەمجارە خۆتان لە قاسمە ڕەشیش ڕاناگرن، بابە سیاسەت قوڵە قوڵ.

دیسانەوە ئەندەرپاسەکانی سلێمانی

■ ئەندازیار فریا فایەق سەعید

لەژمارەکانی پێشودا چەند برایەکی بەڕێز تیشکیان خستە سەر ئەم بابەتەو دواجار کاک دانا عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا وەاڵمێکی تاڕادەیەک توندی کاک تەیب جەباری داوەتەوە، کە بەڕای من دەبوو سنگیان فراوانتر بێت، چونکە بەڕێزێکی وەک کاک تەیب (کە لەهەندێ بیرو بۆچوندا لەگەڵیدا نیم) مەبەستی تری هەبووبێت لەخستنەڕووی ئەم بابەتە. چەند خاڵێک دەخەمە سەر بابەتەکە هیوادارم بەسودبێت بۆ خزمەتکردنی ئەم شارە:

١- بەڕای من دیراسەیەکی قوڵ نەکراوە بۆ ئەو مەبەستە، چونکە بەشبەحاڵی خۆم ڕۆژی ٢-٣ جار بەو شوێنانەدا تێدەپەڕم، ڕۆژێک نەمدی پێش ئەو یەکتربڕانە کات دابەشبکەن بەسەر خاوەن ئۆتۆمبێلەکاندا، تا مەبەستی سەردانو شوێنی کاریان تیا دیاری بکرێت، بۆ ئەو لەدوا وێستگەدا کارتەکان وەربگرینەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژو لەچەند سەعاتێکی دیاریکراودا لەڕۆژێکدا. لەسەر ئەو زانیاریانە بۆت دەردەکەوێت کە ڕۆژی چەند ئۆتۆمبێل بەو یەکتربڕانەدا دەڕوات‌و چەندی دەڕوات بۆ نەخۆشخانە، دادگا، تاپۆ، بازاڕ، زانکۆو دواتر بڕیاری کۆتایی دەدرێت لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی هاتوچۆ، ئایا بەدروست کردنی پرد بێت یان بەگواستنەوەی ئەو فەرمانگایانە بێت کە هەندێکیان شوێنە نوێیەکەیان لەژێر جێبەجێ کردنداید؟

٢- دروستکردنی ئەندەرپاس لەسەر شەقامێکی ٢٠-٢٢م پان گونجاو نییە، وەک ئەندەرپاسەکەی زەرگەتەی لێ دێت، کە شارەوانی جێبەجێیان کردو بۆتە جێگەی ڕەخنەی کەسانێکی شارەزای زۆر. ئینجا لەسەنتەری شاردا چی دەڵێین؟

٣- کاک دانا ئاماژە بەوە دەدا کە ئەم پرۆژەیە بەسیستمێکی نوێ جێبەجێ دەکرێت کە لەوانەیە ئێمە مانان نەمانبینی بێت لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە. بۆ بەڕێزم ئەو پرۆژانەی تریش لەلایەن کۆمپانیای بیانییەوە جێبەجێ کرانو ئەکرێ بزانین لەچ ئاستێکدایە وەک پرۆژەی خەستەخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی، ڕێگای تاسڵوجە- دوکان....هتد کامیان زۆر بەخێرایی ئەنجامدران؟ بەبۆچونی من ئەو پرۆژانەی کە ئیشی ژێر زەوی تێدا بێت، نابێت لەو ماوەیەدا جێبەجێ بکرێنو ناشڵێم ٢-٣ ساڵی دەوێت.

٤- ئەو پێشنیارەی کاک تەیب کردبووی سەبارەت بەگێڕانی سیمینارێک بۆ ئەو مەبەستە، وابزانم خزمەتی پرۆژەکە دەکاتو دەوڵەمەندتری دەکات.

ئەو پیاوەی ویستی خۆی بکوژێ

■ ئا: لاپەڕەی خەڵک

دوای ئەوەی لەناو خەڵکدا هەواڵی ئەوەی لەسەر بڵاوەدەبێتەوە، کە «گوایە دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر کوڕە منداڵێکی تەمەن حەوت ساڵان»، هاوڵاتی () کە پیاوێکی تەمەن ٦٢ ساڵە، بڕیاری خۆکوشتن دەدا، بەاڵم لەپاش سوێندخواردنی بۆ بنەماڵەی منداڵەکە، لەو بڕیارە پەشیمان دەبێتەوە.

() پاسەوانی کۆمپانیایەکی ئەهلییەو لە بنچینەدا خەڵکی گوندی جافەرانەو ئێستا دانیشتوی گەڕەکی کانی گۆمەی شاری سلێمانییە، ئەم پیاوە بەم جۆرە باس لەسەرەتای کێشەکەی دەکاتو ئاماژە بەوە دەدات کە ڕۆژێک دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دەبینێ لەسەر دیواری ماڵەکەیان بە تەباشیرێکی شین نوسراوە «کاک () کەرە».

ئەویش لە کۆمەڵێک منداڵی ئەو ناوە دەپرسێ کێ ئەوەی نوسیوە، () دەڵێت «ئەوانەی لەو ناوەبوون، دەستیان بۆ منداڵێک ڕاکێشاو وتیان ئەو نوسیوێتی، منیش چەند زللەیەکم لێداو ڕۆیشتم، لەپاش ئەوە لە ڕێگای برادەرێکەوە بیستم کە ئەو منداڵە لە ماڵەوەیان وتوێەتی تەعەدای لێکردوم، منیش گوێم پێنەدا».

بە وتەی () پاش ماوەیەک، ئەو باسە لەناو خەڵکی ناوچەکەیاندا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر تەشەنەی کردوە.

ئەو دەڵێت «هەستم دەکرد خەڵکی بەچاوێکی خراپ لێم دەڕوانن، بۆیە گەیشتمە ئەو ڕادەیەی خۆم بکوژم، دەمانچەیەکیشم کڕی، بەاڵم ماڵی چەند برادەرێک ئاوابێت، فریام کەوتن. ئەوەبوو چوینە لای کەسوکاری منداڵەکەو سوێندم بۆ خواردن کە ئەو حاڵەتە ڕاست نییە». ئەم پیاوە سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣/١ لە مزگەوتی شێخ سەعیدی پیران، بە ئامادەبونی باوکی منداڵەکە سوێندی خوارد کە بەهیچ جۆرێک دەستدرێژی نەکردۆتە سەر منداڵەکە.

باوکی منداڵەکە (ئا،ک) سوپاسی خوا دەکات لەسەر ئەوەی لە کێشەیەیدا کەسێک نەکوژراوەو دەڵێت «ئەو کێشەیە چەند بۆ ئەو کابرایە ناخۆش بوو، بۆ ئێمەش بەهەمان شێوە بوو، بەاڵم سوپاس بۆ خوا کە خوێن لە لوتی کەس نەهات، ئەو سوێندی بۆ خواردین، ئێمەش هیچ لەدڵماندا نەما».